ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:27 10-9-2007

## تۆ بەردم تێبگرە منیش بەردەکانت کۆ دەکەمەوەو ئەچمە سەری تا لە تۆ بەرزتر بم، بۆ سارا بابەشێخ!!! بڵند نەورەس

کورد پەندێکی هەیە دەڵێت (لای دز وایە هەموو کەس دزە) !!!
دەکرێت من بە شێوازی خۆت وڵامت بدەمەوە بەڵام گەر وام کرد ئەوا لەگەڵ تۆدا هیچ جیاوازیەکم نابێت!!!!!!!!!



بۆیە من بە زمانی خۆم وڵامت ئەدەمەوە... !!!
زۆرم لا سەیرە کە ئێوەمانان بەکرێگیراو نین کە بێویژدانانە ئەنووسن بەڵام ئەوەی وڵامتان باتەوە بەکری گیراوە! بەراستی سەیرە!!!
من نەسیحەتم کردوویت خانم گەر خانمیت! بەڵام دیارە تۆ لە پێغەمبەرەکانیت یان نوێنەری خوایت چونکە دان بە هەڵەکانتا نانێییت!!!
تۆیەك بە چوار دێری من پەشۆکاویت ئاخۆ گەر بێیتە مەجلیسی گفتوگۆوە حاڵت چیت دەبێ‌َت؟
ئەزیزەکەم تۆ وڵامی پرسیارەکانی منت نەیاوەتەوە! بگرە لێشیان را ئەکەیت، خۆشە گەر قسەیەکیشت کرد لێی پەشیمان نەبیتەوە، چونکە هەر خۆت ئەڵێییت لە سەدا سەدی گەنجانی کوردستان بی کارن... تد!!!
ئێستا بۆ بوو بە زۆربەی گەنجان؟؟؟؟؟؟ هەرچەندە ئێستاش هەر هەڵەیت!!!
ئەها بی بنەمایی لە نوسیندا بەرەو کوێت ئەبات! تۆ بیر لەوە بکەرەوە گەر دوو جاری تر وابنوسیت ئەوا سەنگت نامێنێت لە بواری نوسیندا، چونکە نوسین پرۆسەیەکە بۆ گەیاندنی پەیامێك، نەك دەمەتەقێی لاکۆڵان!!!
من دیارە لە کەیەوە ئەنووسم دیاریشە چی ئەنووسم بەڵام تۆیەك کە بە بی زانیاری خۆت هەڵکێشاوە لە نوسین ئەوا نوسین بی دەسەڵاتە لە ئاست نەزانیتا!!!
من بروانامەکەم لە بواری راگەیاندندایە، بە ئەمانەتیشەوە ئەنووسم چونکە نوسین مێژووە وەك پێم وتیت!!!
گەر بە نوسینەکانیشمدا بچیتەوە ئەوا دەزانیت کە دە ئەوەندەی تۆ رەخنەو گلەییم لە دەسەڵات هەیە بە حیزب و حکەمەتەوە بەڵام جیاوازی من و تۆ لەوەدایە کە من بە ئەمانەتەوە رەخنە ئەگرم و ئەزانم بۆ رەخنە ئەگرم، بەڵام تۆ و هاوشێوەکانی تۆ لە رقدا ئەنووسن!!!
تێناگەم پارتی و یەکێتی کە سی بەشی دانیشتوانی کوردستانیان لەگەڵدا بێت ئایا ئەم سی بەشەی خەڵکی کوردستان هەمووی کڕاوی ئەم دوو پارتەن؟؟؟
باشە گریمان بێکەڵکن ئەم دوو پارتە، دە فەرموو جەنابتان بەدیلی ئەم دوو پارتەمان پی بڵێن لە رووی مێژووی و رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سەنگی ناوچەیی و پەیوەندی نێودەوڵەتیەوە؟؟؟
تۆ برۆرە ئێران و سوریاو تورکیاو ئوردون ئەوسا بەراوەردێك بکە لە نێوان ئاستی ژیانی تاکە کەسێکی کورد و تاکە کەسێکی ئەو وڵاتانەدا ئەوکات حوکم بدە، نەك لە خۆتەوە تکایە.
بۆیە ئەو وڵاتانەش دەڵێم چونکە نزیکترین وڵاتن و دراوسێن و لە رۆژهەڵاتیشن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

كوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەكی ئەلیكترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 20:27 10-9-2007

تۆیەك كە خوێنی شەهیدی ئەم دوو پارتەت لە لا بەتاڵ بێت چ روناكیەك لە بیركردنەوەتا بەدی دەكرێت بە شەهیدانی هەردوو پارتی سەرەكیشەوە لە شەری ناوخۆدا.

چونكە گەر مێژووی جیهان بخوێنیتەوە ئەوا دەزانیت سەرچاوەو هۆكاوەكانی شەری ناوخۆ چین!!! بەڵام دڵنیام نایخوێنیتەوە!!!

لام سەیرە حكومەت یان سەرۆكی حكومەت كە كارێكی باش دەكات دەڵێن ئەمە ئەركی خۆیەتی، گەر كارێكی خراپیش بكات ئەوا دنیاتان لی ئەبێت بە چەرمە چۆلەكە! باشە خۆتان یەك لایی بكەنەوە حكومەت چی بكات؟؟؟

كورد 17 ساڵە سەربەخۆیەو 3 ساڵە دەتوانێت هەنگاوی جدی بهاویژێت واتە دوای روخانی دیكتاتۆر.

بەڵام ئایا تۆ شەری 100 ساڵەت بیستووە؟ ئەی ئامانجەكەی دەزانیت چی بوو؟

بخوێنەرەوە ئەوسا بنوسە!!!

ئێمە دەبێت پشت بین بۆ هەموو شتێكی كوردی گەر جوان بوو جوانتری بكەین گەر ناشرینیش بوو ئەوا هەوڵی چاككردنی بدەین نەك بیروخێنین!!!

بۆیە دەكرێت ئاراستەی نوسینەكانت بە رێرەوێكدا بێت كە بەرژەوەندی گشتی لەبەرچاو بگریت و ئەزموونی حكومرانیشت لا روون بێت كە چەندە ئەوكات پەلامارب!!!

بمبەخشە سارا بەڵام هەمووومان لە هەڵەوە فێری راستی ئەبین، تۆش لە هەر عەقڵێك فامێك وەرگرە... !!!

Blnd_ma@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.